# لەحەسەن زیرەکەوە بۆ سەرکردە!

کەمال ڕەئوف

لەم ڕۆژانەدا بابەتێکی کاك قوبادی جەلی زادە کەلەمەر سرودی نەورۆزو حەسەن زیرەك لەماڵ پەڕی دەنگەکان بلاۆوکرایەوە سەرنجی زۆری ڕاکێشام , ئەوەی کە زیاتر بۆمن مایەی سەرنج ڕاکێشان بوو لەو نوسینەدا تەنها خودی ڕاستی و دروستی ڕەخنەکەی بەڕێزی نەبوو لەسەر حەسەن زیرەك و شێواندنی سرودەکە, بەڵکە ئەوشێوازو زمانە ناسك و شاعیرئاسایەی کاك قوباد بوو کە لەوێدا بە سەلیقەوە بەکاری هێنابوو, بەرێزی لەو بابەتەکورتەیدا جگە لەوەی کە ئاماژەی بەجوانیەکانی حەسەن زیرەك کردوە و وەك گۆرانی بێژێکی ڕەسەن مافی خوێی داوەتێ بەلاۆم لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنە جدیەکانی خۆی لەسەر زیرەك و مافی داکۆکیکردن لە خودی سرودەکەو ڕەخنەی لەسەر شێواندنی سرودەکە ناشارێتەوە, ئەوەی من لێرەدا زیاتر مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم لۆژیکی ئەو شێوازەیە لە ڕەخنەگرتن کە کاك قوبادی شاعیر بە زمانێکی شیرین ئاراستەی کردوە و لەوێوە پێمان دەڵێت کە مێژوو لەهیچ کەموو کوڕیەك خۆش نابێت جا ئەگەر بەسەر زمانی شاعیرو گورانی بێژیشدا تێپەڕیبێت و بۆ لەحزەیەك لە لەحزەکان ستایش ومەرایی بۆسەرداو میرو داگیرکاران کرابێت, من تا ئێرە تاسەر ئێسك لەگەڵ ڕەخنەکەی کاك قوباد هاوڕام بەلاۆم حەزدەکەم ئەوەش باس بکەم کە ئێمەی کورد خاوەن دنیایەك لەو بیرەوەریە تاڵەین و ئەوەی زیرەکیش مشتێك لەو خەروارەیە کە بووتە بەشێك لەمێژوومان چونکە ئێمە ئەوساو ئێستاش نەك هەر خاوەن یەك هەڵەی وەك ئەوەی زیرەکی گورانی بێژین بگرە دەیان حەسەن زیرەکی سیاسیمان بەناوی کوردەوەو بەزمانی گۆرانیولاوکی سیاسی کوردیەوە بەسەر سەرداومیرو شاو داگیرکارانماندا( بەسەدداميشەوە) هەڵداوە, لەوەش زیاتر نەك هەرداوای لوتفمان لێکردون بەڵکە شان و دەست و لاملیشیانمان ماچ کردوون, جا وەك کاك قوباد دەڵێت لەگەڵ هەموو گەورەیی و جوانییەکانی زیرەکدا لەسەر ئەم کارەی کە کردویەتی ناتوانین چاوی لێ بنوقێنین ونەی خەینە ناو قەفەزی ئیتیهامەوە !من لێرەوە دەپرسم ئاخۆ ئەگەر ئەو دادپەورورەیەی کاك قوباد باسی لێوەدەکات ڕۆژێك لە ڕۆژان بەرقەراربێت دەبێت چەندێك لەسەرکردەکانی کورد بەوانەشەوە کە نەماون بخرێنە قەفەزی ئیتهامەوە؟

کاك قوباد لە کۆتایی بابەتەکەیدا رووی دەمی دەکاتە میدیای کوردی و بەتەوسەو پێیان دەڵێت ئافەرین کە ئێوەش ئەو سرودە بەسەقەتی دادەبەزێننەوە, لەوەش زیاتر پێیان دەڵێت ئێوە لە گوێی کام گای مردوودا پرخەتان دێت؟ لەڕاستیدا ئەوان پرخەیان نایەت وەك کاك قوباد باسی لێوەدەکات بەڵکە ئەوان دەیانەوێت خەڵك بکەنە خەو, ئەی ئەوەنییە بەشێك لەو میدیایانە خەریکن پەنجەی ئیتهام بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ڕادەکێشن و دەیانەوێت بەخەڵك بلێن ئەوان بەبلاۆوکردنەوەی هەواڵی ئیسلامییەکان کۆمەکی ئیرهاب دەکەن لەکوردستاندا. ئەم قسەیەم بۆ داکۆکی کردن نییە ڕەنگە منیش ڕەخنەم هەبێت لە شێوازی دارِشتنی هەواڵی ڕۆژنامە کوردیەکان بەلاۆم ئەمە مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە لەوەی کە بمانەوێت بە بەهانەی جۆراو جۆر دەمی ڕۆژنامەکان دابخەین, ڕاگەیاندنی جارانی حکومەتی بەعس ئەگەر کەسێك لەمەقدیشۆ یان تایوان بکوژرایە وەك هەواڵ بلاۆوی دەکردەوە بەلاۆم ئامادەنەبوو نەك هەواڵی سەربازە کوژراوەکانی خۆی لەکوردستان بلاۆو بکاتەوە تەنانەت ئامادەش نەبوو هەواڵی کارەساتە سروشتیەکانی کوردستان و شارەکوردیەکانیش بلاۆوبکاتەوە کەچی لە ئاکامدا بەو کارەی نەتوانی کورد بتوێنێتەوە نەیتوانی ڕاستیەکان تاسەر خەفە بکات, میدیای حیزبی لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە ماسی تیرۆریستان لەکوردستان لە ئاویی لێڵی بێ لیاقەیی حیزبی کوردی و حکومەتی کوردیدا مەلەدەکەن و زاوزێ دەکەن, ئەوان باش دەزانن لە لاشەی درِزاوی فەتحدا حەماس گەرای کردو پێگەیشت , لەپاشاگەردانی ناسیونالیزمی دەسەلاتی عەرەبیدا بزافە ئیسلامیکەکان سەریان لەهیلکە دەرهێنا ئیتر بۆ دەبێت حیزبی کوردی بەرپرسیارێتی سەردەرهێنانی ئەنسارو سنە بخاتەوە سەر شانی ئەوی تر, ئەم ڕاستیانە لەکاتێکدایە کە هەموو کەس ئەوەدەزانێ کە هەر خودی حیزب بوو چەند سالێك لەمەوبەر( نازانم بۆ ئێستا) بە دەفتەر دۆلاری دەبەخشیە سەرکردە ئیسلامیەکان و مانگانە و بەبێ دواکەوتن لەپێش مامۆستاو فەرمانبەرانەوە موچە بەچەکدارە ئیسلامیەکان دەدرا ئەمە جگە لە لا شلکردن بۆ گومرگکردن و

پارەكۆكردنەوە و دەسەلأتداریێتی و بەخشینی چەك وتەقەمەنی تەنانەت  مینبەری مزگەوتی شارەكانیشان بۆ چۆڵدەكراو دەستە دەستە میوانداریان دەكرا و پێشوازیان لێدەكرا. بۆیە لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆكاك قوباد هەرچەندە لەگەڵ تەواوی بابەتەكەیدا هاوڕام بەلأم لەگەڵ ئەوڕستەیدا ناكۆكم كە پێی وایە ئەو بەشەلە میدیای كوردی لەگویێی گادا خەوتوون ,من پێم وایە ئەوان نەخوتوون بەڵكە دەیانەوێت بەلای لایەی كوردی خەڵك بكەنە خەو.